# ئەڤین لەنیشتمانێکی پارچەکراودا

## تازەترین پەرتووك لەسەر کورد بەئینگلیزی

**نورەدین وەیسی**






Jean Sasson

**((خۆشەویستی لەنیشتمانێکی پارچەکراودا: جوانەی کوردستان :چیرۆکی راستینەی شەڕڤانێکی ئازادی راکردوو لەدەست تۆڵەی ئێراقی** Love in a Torn Land: Joanna of Kurdistan: The True Story of a Freedom Fighter's Escape from Iraqi Vengeance**)) ناوونیشانی تازەترین پەرتووکە لەسەر کورد بەزمانی ئینگلیزی لەئەمریکا لەلایەن نووسەری ناسراوی ئەمەریکایی خاتوو جین ساسۆن** Jean Sasson **ەوە بەچاپ گەیشت وکەوتە بازاڕەوە .**

**ئەم پەرتووکە باس لەژیان وبەسەرهاتی ژنێکی کورد دەکات بەنێوی جوانە عەسکەری کەلەبەغدا گەورە بووە پاشان لەکاتی شەڕی نێوان ئێراق-ئێران پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە کردووە ، لەمیانەی گێڕانەوەی ژیانی جوانە نووسەر بەشێوەیەکی چیرۆکئامێزانەی سەرنجڕاکێشەوە باس لە چۆنیەتی دەربازبوونی جوانەوهاوسەرە پێشمەرگەکەی دەکات لەکاتی کیمیابارانەکەدا ، جوانە ئێستا لە بەریتانیا دەژی ولە کۆمپانیای هێڵی ئاسمانی بەریتانیایی کار دەکات.**

**نووسەری ئەم پەرتووکە جین ساسۆن ماوەیەکی زۆر لەرۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەتایبەتیش لەعەرەبستانی سعودیەدا ژیاوەو چوار کتێبی لەسەر ژیان وبەسەرهاتی چوار ژنی عەرەبی دەرکردووە وکتێبەکانیشی هەمیشە لەریزی پڕفرۆشترین چاپکراوەکانی رۆژنامەی نیویۆرك تایمزن.**

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ئەگەرچی ((خۆشەویستی لەنیشتمانێکی پارچەکراودا )) تەنها هەفتەیەکە گەیشتۆتە بازاڕەکانەوە وەلێ لەلایەن بڵاوکراوەونێوەندو سایتەکانی تایبەت بە ڕانانی کتێب بایەخێکی زۆر گرنگی پێدراوەو لەمیانی ئەم کتێبەدا باس لە تاوانەکانی هەڵەبجە وشاڵاوی جینۆسایدی ئەنفال دەکرێت وپێشبینی دەکرێت ئەم پەرتووکەی نووسەریش وەك زۆربەی پەرتووکەکانی تری ژمارەیەکی زۆری لێ بفرۆشرێت.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com